# گفتوگۆی ئەکادیمی

م.ی.نهله نورالدين محمد

- **رێگای گفتوگۆ**
- رێگای گفتوگۆ: بە یەکێک لە گرینگترین رێگاکانی وانەگوتنەوە دادەنرێت. ئەم رێگایە دەگەرێتەوە بۆ فەیلەسووفی یۆنانی، سوقرات، کە یەکەم کەس بووە ئەم رێگایەی بەکارهێناوە. ئەم رێگایە بریتییە لە گفتوگۆی ئامانجدار و ئەرێنی لە نیوان قوتابییان لەگەڵ مامۆستا یان لە نێوان خۆیاندا و، لە رێگای پرسیارەوە دانوستاندن سەبارەت بە بابەتێک دروست دەبێ.
- ئامانجەکانی ئەم رێگایە بریتین لە:

1.بیرکردنەوە
2.گەشەپێدانی کارامەیی دەربڕینی زارەکی
3.پێدانی متمانە و بوێری بە قوتابی
4.ئاڵوگۆڕی ئەزموون
5.چارەسەرکردنی کێشەکان
6.بەدەستهێنانی بیر و ئەنجامی نوێ
7.فێربوون و تێگەیشتن و چەسپینی زانیارییەکان

- هەنگاوەکانی ئەم رێگایە بریتین لە: دیاریکردنی بابەتی گفتوگۆ، شیکردنەوەی بابەتەکە لە رێگای دروستکردنی پرسیارێکەوە و دواتر لەبەرچاوگرتنی شوێنی گونجا و رەچاوکردنی کاتی پێویست لە کۆتاییدا ئەنجامگیری.

## بنەماكانی گفتوگۆیەكی باش چین؟

1- **بوونی عەقڵ:** بە بێ بوونی عەقڵ، هەستی بەرپرسیاری و تێگەیشتن لەسەر بابەتەکە دروست نابێت.

2- **بیركردنەوە:** مرۆڤ بە بیرکردنەوە هزر دەدۆزێتەوە و بە دوای ڕاستییەکانەوە دەگەڕێت. بیرکردنەوە وا دەکا بژین و لە پێناو ژیانێکی بەختەوەردا خەبات بکەین. ئەگەر بیرکردنەوەمان نەبێ ناتوانین بە سەر کۆسپەکانی ژیاندا سەر بکەوین.

3- **تێگەیشتن:** ئەوە تێگەیشتنە کە هانمان دەدا لە دیاردە و ڕووداو و پرسیارەکانی ژیان و گەردوون و دنیا تێ بگەین. ئارەزووی تێگەیشتن لە بابەت و دیاردە و پرسیارەکان وامان لێ دەکا بیر بکەینەوە و بە دوای زانین لەسەر ئەو دیاردە و پرسیار و ... تاد بگەڕێین.

# چۆن گفتوگۆیەکی زانستی سەرکەوتوو دەبێ؟

1- دەستنیشانکردنی ئامانجی گفتوگۆ، واتە کەسێک کە بە ڕێگەی گفتوگۆیەکی زانستییەوە دەبێ بتوانێ بە ڕاستییەک بگات.

2- پشت بەستن بە سەرچاوەی بڕواپێکراو، واتە ئەو سەرچاوانەی کە بنەمای بیرکردنەوەکەت بۆ دروست دەکەن. ئەگەر ئەو کەسەی گفتوگۆیەکی زانستی دەکا سەرچاوەی بڕواپێکراوی نەبێ، گفتوگۆیەکەی دەبێتە قسەی گشتیی و نازانستی. کەواتە لە گەیشتن بە ڕاستیی سەرکەوتوو نابێت.

3- تەرکیزکردنەوە لەسەر بابەتی گفتوگۆ. دەبێ لەسەر بابەتە سەرەکییەکە تەرکیز بکرێتەوە نەک بابەتی لاوەکی.

4- ڕێزگرتن و لەبەرچاوگرتنی مافی ڕای جیاوازی بەرانبەرەکەت، واتە دەبێ ئەو کەسانەی کە بابەتەکەتی بۆ باس دەکەیت، دەبێ ئازاد بن لە دەربڕینی ڕای جیاوازی خۆیان.

5- کرانەوە و ئارامی، واتە دەبێ لەو کاتەی کە بەرانبەرەکەت ڕای جیاواز و ڕەخنە دەگرن، کراوە و ئارام بی لە گەڵییاندا، ئەگەر بێت و ئەو ڕایانەی ئەوان هەڵە و ناخۆشیش بن.

6- ڕێز و دڵسۆزی، دەبێ ڕێز و دڵسۆز بیت بەرانبەر ڕا و بۆچوونی جیاوازی بەرانبەرەکەت.

7-ڕەخنەکانی بەرانبەرەکەت بە کارێکی کەسێتیی و خراپ وەرمەگرە، بەڵکو بە دڵسۆزی وەری بگرە.

8-دان بەو راستییانە بنێ کە بەرانبەرەکەت باسیان دەکا.

9-ئەگەر گفتوگۆیەکە لە بابەتە سەرەکییەکە لایدا، هەوڵ بدە بچێتەوە سەر بابەتە سەرەکییەکە، ئەگەر نەتوانی، کۆتایی بە گفتوگۆیەکەت بهێنە، بەڵام دوور لە تووڕەیی و هەڵچوون ئەو کارە بکە.

10- بە رێگەی بەڵگەی زانستی و عەقڵییەوە بابەتەکەت پیشکەش بکە، نەک لە خۆتەوە قسەی گشتیی و زانراو و لە گۆترە بکەیت. ئەگەر وا نەکەیت، بابەتی گفتوگۆیەکەت نابێتە جێگەی متمانە.

## عەقڵخوازیRationalism چییە؟

شێوازێکی بیرکردنەوەیە، عەقڵ بە سەرچاوەیەکی سەرەکی دادەنێ بۆ مەعریفە و تەفسیرکردنی، نەک پێوەرە هەستییەکان. یان ئەگەر ڕوونتر پێناسەی بکەین: عەقڵخوازی تیۆرێکە پشت بە میتۆدی زانستی و لێکدانەوەی مەنتیقی دەبەستێ بۆ گەیشتن بە حەقیقەت، نەک لێکدانەوەیەکی هەست و سۆز و ئارەزووانە.

## عەقڵ Reason چییە؟

ئەو توانا زەینیەیە کە مرۆڤ هەیەتی بۆ بیرکردنەوە بە شێوەیەکی مەنتیقی.

## مەنتیق Logic چییە؟

شێوازی بیرکردنەوەی ڕاست و دروستە کە بۆ ڕوونکردنەوەی هەر دیاردەیەک یان ڕووداوێک پشت بە بەڵگە هێنانەوەی ڕاست و ماقووڵ دەبەستێت.

هەموو زانستەکان بەرهەمی بیرکردنەوەی مرۆڤە، کاتێک مرۆڤ بیر دەکاتەوە بۆی هەیە بیرکردنەوەی ڕاست بێت و بۆی هەیە هەڵە بێت، کەواتە بۆ ئەوەی بۆچوونە هەڵەکان ڕاست بکاتەوە پێویستە بگەڕێتەوە سەر بیرکردنەوە بە شێوەی مەنتیقی، بۆیە فێربوونی بنەماکانی مەنتیق و بیرکردنەوە بە مەنتیقی یارمەتیمان دەدات ڕەخنە لە بیر و بیردۆزە چەوتەکان بگرین و شرۆڤەیان بکەین، و بە بەڵگەی زانستی ڕوونیان بکەینەوە .

# بیرکردنەوە Thinking

جووڵانەوەیەکی بەردەوامی ئاگایی و هوشیارییە لە هەست و مێشکی مرۆڤدا. بیرکردنەوە بەشێکە لە سروشت و رەفتاری مرۆڤ. بیرکردنەوە زیاتر پەیوەندی بە یادەوەری، ڕامان و تێگەیشتنەوە هەیە کە لە هەست و تێگەیشتنەوە دروست دەبێ. بیرکردنەوە لەگەڵ ئەو زانیارییانە کار دەکا کە مرۆڤ کۆیان دەکاتەوە و کێشەکانی پێ چارەسەر دەکا و بڕیاریان لەسەر وەردەگرێت.

## بیرکردنەوەی ڕەخنەیی Critical thinking چییە؟

هونەری بیرکردنەوەی شرۆڤەکاری و هەڵسەنگاندنە بۆ هەر بابەتێک، و دەربڕینی بیروڕای جیاوازە لەبارەی، بە مەبەستی دەرخستنی ڕاستییەکان و باشترکردن و پێشخستنی.

بیرکردنەوەی ڕەخنەیی توانا و شارەزاییەکە دەکرێ لەسەر هەموو بابەتێک پیادە بکرێ. کەسی بیرکەرەوەی ڕەخنەیی، هەوڵ دەدا ڕوون و شەفاف و ورد و قووڵ بێت. لە ڕووکەش نامێنێتەوە، هەمیشە دەچێتە قوڵایی باسەکەوە، هەوڵ دەدا مەنتیقی بێ و بە ویژدان و بێلایەن بێت.

## بیرکردنەوەی ڕەخنەیی بۆچی؟

هەموو کەسێک بیر دەکاتەوە، چونکە بیرکردنەوە لە سروشت و ڕەفتاری مرۆڤەکاندا هەیە. زۆربەی بیرکردنەوەکانی ئێمە زۆر جار لایەنگرانەیە، نیوەچەڵە، زانیاری کەمە، لاوەکییە، بڕیاری پێشوەختە.

ئەوەی ئێمە لە ژیانمان بەرهەمی دێنین و بنیاتی دەنێین ئەنجامی چۆنیەتی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی ئێمەیە، بۆیە ئەگەر بیرکردنەوەمان خراپ و ناتەواو بێت ئەنجامی خراپ و ناتەواو بە دەست دێت کە ئەمەش تەئسیر لە چۆنیەتی ژیانمان دەکات، ئەگەر بیرکردنەوەمان باش و ڕێکوپێک بێت، ئەوا ئەنجامەکەی بەرهەمدار و سوودبەخش دەبێت.

## بەڵام سەرەتا دەبێ بزانین ڕەخنە خۆی چییە؟

ڕەخنە بریتییە لە هەڵسەنگاندن و بڕیاردانێک لەسەر گفتوگۆیەک، دیاردەیەک و نووسینێکی زانستی یان ئەدەبی. چەمکی ڕەخنە، خۆی بێلایەنە، بەڵام هەمیشە هەستێکی سەلبی بە مرۆڤ دەبەخشێت.

دوو جۆرە ڕەخنە هەیە: ڕەخنەی **بونیاتنەر** و ڕەخنەی **ڕووخێنەر**. ڕەخنەی بونیاتنەر، پێشنیاز بۆ باشترکردنی گفتوگۆیەک یان دیاردەیەک یان لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و ... تاد دادەنێ، بەڵام ڕەخنەی ڕووخێنەر هیچ پیشنیازێکی باش و بە سوود پێشکەش ناکا، تەنیا لاوازی گفتوگۆیەک یان دۆخێک یان لێکۆڵینەوەیەکی زانستی باس دەکا.